# بەو كۆڵانە... دڵم دەستپێدەكاتەوە

زاناسامان

بەقەدەر زەردبوونی گەڵایەك
تەمەنم ماوە بۆ وەرین
ئەوەندەی خۆڵەیادكرنی پە پولەیەك
تەنیاییم دەچێتەوە سەر باخچەو
هێندەی گەرمی.. ژێر باڵی كوكوختیەك
خۆم گرمۆڵە دەكەمو
سوچێكی ئەم حەقیقەتە
ئەدەمە دەست قەسیدە... تاگێڕانەوە
**********
لەوێدا..
لەشوێنی تەقینەوەی بوركانێك لەیادگاری
گەڕەك هاتەوە پێش چاومو
كۆڵان رژایە رۆحمەوە بەبەریندارى
سنەوبەرێكی عاجزم بینی
یەك ئاسمان چۆلەكەو كۆتری گرتبووە باوەشو
یەك ریز سێبەری، دەپرژاندا ماڵەكەمانەوە،

لەوێدا..
لەهەرەتی گەنجێتی شەقامێكدا
باغێكی گۆچان بەدەستم بینی
بەدیار دارمانی دیوارەكانی زەمەنەوە
لەرزی دەهاتیو دەگریا..
بەدیار حیكایەتەكانی دارچنارەوە رادەماو
سەری پڕدەبوو لەووتن بۆ گێڕانەوە

لەوێدا..
لەوسەری نیشتنەوەی کوێرەوەرییەك
پەرەسێلكەیەکی باڵشکاو دەیگووت:
تۆ کە گەورەبوویت.. ئیتر نەتپەرژا
قاوەیەك لەمناڵیتا بخۆیتەوە
پیاسەیەکت نەچوویەوە سەر ئینجانەیەکی سەرخۆش
یاخوود تائێستا..
تابلۆیەکت بەسەر سنگی ئەم کۆڵانەدا هەڵنەواسیوە
لەم کپبوونەدا چیدەکەیت..؟!
ئەوکات منیش
بەدەم قوڵپی گریانەوە دەمگووت:
ئالێرەدا.. داڵغەیەکی قووڵم هەبوو
لێم ونبووە..!!
تۆ نەتدیوە لێم بگەڕێ..؟!
دنیایەك جوانیم دراوە بەکرێ..
کەئەوسا..
کرماندنی لەتێك سێوم لێ حەرامو
چوونە بەر بارانم قەدەغەو
مانەوەشم لەمناڵیدا.. کارێکی خراپ
بۆیە ئۆقرەم لێ بڕاوەو
لەم پیریەدا هاتوومەتەوەو
وەك بڵێی شتێك..!!
دڵم بەم کۆڵانە ئەسووتێ

لەوێدا..
لەکەوتنە خوارەوەی زەرنەقووتەیەك
مردنی منو
لەشکانی هێلکەی چۆلەکەیەکی غەمبار
رژانی خوێن لەچاومەوە

فێری ئەوەبووم
( با ) بنوسمەوەو.. باران راوبکەم
خاك بخوێنمەوەو
نیشتمانیش
هەر بەبۆنەکەی خۆیەوە.. ببەمەوە بۆلای دایکم،
فێری کردم.. ئەو کۆلانە فێری کردم
ببمە هاوڕێی، چەند پیرە منالێکی عاشقو
ئیتر تائەوپەڕی ژیان..فێربووین
گۆرانی بۆ تەربوونەوە بلێین..!!
ئەو کۆلانە، دەیزانی چیمان بەسەردێت
دەیزانی چ یارییەك لەباراندا ئەدۆزینەوە
دەیزانی.. ئەو کۆلانە.. هەموو شتێکی دەزانی
کەئێمە.. بەردمان دەگرتە دڵی ئاسکی ئاسمانو
شەیتان.. شەیتان، لەبەردەمی تریشقەدا
خۆمان بێ تاوان دەردەخست
کەهەموو شارمان دەهێنایەوە یەکو
خۆمان دەکردە فریشتە
سەری دێرو کۆلانمان پێکەوە گرێ دەداو
دەبووینە شاعیر
کەخەومان بە کیژۆڵە هەنارێکەوە دەبینیو
بە پرتاو دەکراینە عاشق
باش دەزانم.. ئەو کۆلانە.. هەموو شتێکی ئێمەی دەزانی
بۆیە دڵم بۆی دەسووتێ

لەوێدا..
لەشوێنی پەرداخێك( شیر )ی بەجێماوی
سەر سفرەی بەیانیەکو
بەدەم بەرێکردنی پۆلە خوێندکارێکەوە
فیکەم.. بۆ گەڕانەوەی

کۆتره تەریوەکانی
ناو نیشتمانە بەرزەکەی
سنەوبەر لێئەدا،
دەبوومە پەردەی پەنجەرەی
ماڵێکی پڕ لەنەورەس و
پڕ بەفڕین.. نهێنی روتبوونەوەم دەپاراست
دەبوومە دارێکی سەرەرێی( ئەحمەدی خانی )* و
وەك شنەبا.. دەپەرژامە پرچی کچە مەکربازەکانەوە
تاناخی گەڕەك و
هەتا زەردەخەنەیەکی نازداری کۆڵان
ئیدی بۆیە
لەرێچکەی ئەم پیرییەی خۆم لامداوەو
وەکو بڵێی.. ترسێك بەلەشمدا چووبێت
تەمەنم قەدبڕ دەکەم و..
ئالێرەدا
دڵم بەو کۆڵانە دەست پێدەکەمەوە.

لەوێدا..
ناشتنی لەقوبلەی لێوێکدا
باوەشمکرد بە کۆڵاندا و
ئیدی کەترپەی دڵیم بیست
هەمیشە عاشقبوومەوە.. هەتا خۆم
بەردەوام مناڵبوومەوە.. تاشیعر

* ئەحمەدی خانی/ ئەو خوێندنگەیەی کە دەرسی عەشقم تێدا ئەزبەرکرد

کۆتایی و سەرەتای
/2007

2008



www.bakrajo.com

گەڕانەوە بۆ سەرەتای ماڵپەڕ